**عبدالقادر دباغی**

# یادێک لە شاعیرێک

**چەن شاعیری نوێ وێژو چەنێ زانو نووسەر سەبارەت بە شیعری نوێ یا ئازاد قسەیان دەکردو هەر کەسە بە گوێرەی توانای ئەسپی لەو مەیدانەدا لنگ‌دەدا .**

لەسەر پەردەی خەیاڵمدا وەك حەزرەتی نالی‌و مەحوی‌و سالم‌و کوردی‌و سەیفی قازی‌و مەجدی بەنۆرەو تانەوە هاتن بەدەن‌و پرسیارێك بخەنە مێشکمەوە لە نکو ووتم : قوربان ئەوە بۆچی بەلای شیعری کلاسیك‌و رەنجی مامۆستایانی پێشوودا نچن‌و یادێکیان لێ‌ناکەن‌و لە گۆڤارەکانیشدا بەدەگمەن غەزەل یا چامەیەکیان چاپ دەکەن ؟ .

داچڵەکین‌و کەوتنە بیردوە . زانایەك فەرمووی بەرهەمی وان لە چاپ‌دراوەو بۆنی خۆشی عەتری هەڵبەستیان گشت سووچ‌و قوژبنی کوردستانی گرتووەتەوە . ئەورۆ دەورە دەوری لاوانی تازە پێگەیشتووە . ئەوانیش دارشتنیان نوێیەو بەرەو لووتکە دەچن . عەرزم کرد .

ئەگەر دەستم رۆیشتبا لە گۆڤارێکی هێژای وەك «کاروان» لانی کەم لاپەرەیەکم بۆ شاکارەکانی شا سوارانی شیعری کوردی تەرخان دەکرد . تالاوانی تازە پێگەیشتووی کورد ئەو ناودارانە لە بیرنەکەن‌و دڵی پیران خۆش‌کەن‌و هەستی لاوان بزوێنن .

لە لایەکی دیکەوە بێجگە لە سەتان شاعیری ناودار کە دیوانیان بلاوکراوەتەوە . زۆر شاعیری دیکەمان هەن کە لە ناسك خەیاڵی‌و ووردەکاریدا ئەگەر وەك سەرداران نەبن رەنگە هەر یەیەك لەخوار ئەوانەوە دانیشن‌و یەکێ لەوانە (خالید ئاغای حیسامیە) کە کاتێ بەهۆی زەبرو زەنگ‌و زوڵم‌و زۆری رژێمی گەندەڵی پاشایەتی ئێران تووشی تووشی‌و دەربەدەری‌و هەڵوەدای هەندەران ببوو . لە گەرمێنەوە بەیادی یارو دیار چەکامەیەکی تەڕو پاراوو ئاوداری هۆنیوەتەوەو بۆ دڵداری نازدار واتا «فەوزیەی بلووری» ناردوە کە بەلای منەوە هەست بزوێن‌و سەرنج راکێشەرە چونکە جاروبار کە لە کۆڕی لاواندا یەك دوو دێرە شیعرم لێ خوێندوەتەوە زۆر بەهایان داوایان لێ کردووم کە بەگشتی بلاوی‌کەمەوە . لەسەر داخوازی وان ئەو چامە پڕ تام‌و بۆنە پێشکەشی خوێنەرانی بەرێزی (کاروان)ی ئازیز دەکەم‌و هیوام وایە چێژی لێ‌وەرگرن‌و پەسنی فەرموون

**«فەوزیە»**

وەرە سەر دەرکە وەکوو مانگ لە سوێ
گوڵەکەم تاوێ لەگەڵ من بدوێ
وا لە رێتا سەری سەرگەردانم
چاو بەگریانەوە لێت دەروانم
گیان پەپوولێکە لە دەورو بەری تۆ
وا گڕی گرتووە لە سایەی سەری تۆ

دێ بە ئاواتەوە هەر دێتەوە لات
سەری داناوە لە ڕێی هاتو نەهات
وەرە سەیری منو ڕەنگی زەردم
دەردی دووری تۆ هەناسەی سەردم
سێك دەکەن ڕۆژی منو پرچی ڕەشت
ڕەنگی فرمێسکی منو کولمی گەشت
دەردە زۆر کەوتو بەیان زۆر ئەنگووت
بە هەناسەی شنە گوڵ زۆر پشکووت
چاوی من هەرچی لە ڕووی تۆ ڕاما
لێوەکەت پێ‌نەکەنی‌و هەر وا ما
جووتێ لیمۆ کە لە سەرسینگی تۆن
ویستو دڵخوازی منی تامەزرۆن
چ بڵێم چەندە سروشت ئارەق ڕشت
تا وەها جووتێ مەمی تۆی دارشت
تەمەنت گەیوەتە چاردە بە خەیاڵ
تازە زەرد هەڵدەگەڕێ لیمۆی کاڵ
شەم لە ناو پەردەوە کز دەنوێنێ
مەم لە بن ئێخەوە دڵ دەڕفێنێ
جووتێ گۆی زێڕە بەچەن مانگو ساڵ
خڕی هەڵداوە لەسەر زێوی قاڵ
سینگو مەم تۆ بڵێ نەك زێڕو زێو
زێڕو زێو کەی بووە وانێشە بزێو
بەدەم ئەو گۆیەوە دەنکێ یاقووت ·
بەسەری لالەوە ما ئاگری ڕووت
بەکزەی باوە کە لیمۆ دەوەرێ
مەمی تۆ هەر بە هەناسێك دەلەرێ
ئەی مەهاباد ئەتۆ جێ‌ی شانازی
پێی گەیاند باوەشی گەرمت قازی
کۆرپەکانی تۆ لە خانو سەردار
بەسەری بەرزەوە چوونە سەردار

نیە ژین نرخی لە پێناوی تۆ
سەر بچێ‌و بەرزەوە بێ ناوی تۆ
بەرزە جێت تۆ سەری کوردستانی
لانی کار مامزی جێ‌ی شێرانی
دیمەنت چەشنێ دەبزوێنێ ئەوین
گاڵتە بۆ کیژو کوڕی تۆن مەمو زین
کوڕو کاڵی تۆ هەموو شۆخو شەنگ
کیژی چاو مەستو خڕو نیوقەد تەنگ
گەڕەکێکت هەیە مزگەوتی سوور
ڕۆح لەسەر وێ دەگەڕێ دووراو دوور
دەرکەو بەر پەنجەرە ، ژوورو هەیوان
حەوشو کۆڵانو قولنیچكو سەربان
سەر شەقامو چەمو پردو ڕێباز
پڕ لە پشتێن شلو نەشمیلو بەناز
گوڵی لێ شین‌بووە هەرچی دەتەوێ
خەڵقی هێناوە تەڕو شلكو نوێ
ڕۆژ درەنگانە دەمەو ئێوارە
کیژو کاڵ دێنەسەر ئەو ڕووبارە
گۆزە ئاو هەڵدەگرن بازنە لە قۆڵ
چەتری سەر کولمەیە برژانگو مژۆڵ
هەر گوڵێنگی شەدە زۆر پڕکارە
دەلەرێ‌و دەستڕێ ژەنگی گو ڕە
نایەڵێ خشڵی سەری هەڵگری ژەنگ
زەردە دەرکەوتو تروسکەی دێ پەرەنگ
دڵنیا نین لە زمانی بەدرۆ
پێکەوە دێنەزمان چاوو برۆ
مانگە شەو هاتو لە دەرك‌و بانان
کۆڕی دڵداری دەبەستن جوانان
بسکەکانیان بە پشووی با دەشەتێ
بۆنی سومبول بە هەوادا دەڕەتێ

▷ دڵ دەلەرزێنێ شەوانی شەوە زەنگ
دەنگی بەر مووری کچی شۆخو شەنگ
نیە جێیەك وەکوو ئەم شارە لەلام
هەرچی تێی دایە لە لام وایە بەڵام
گوڵی وەك تۆێ نیە پاكو روو سوور
لالەیو کەوتیە نێو ماڵی بلوور
فەوزیە تاقە گوڵی نێو شاری
پەیکەری جوانی ئەتۆ گیانداری
نوێژگە گەرچی لە پەنای ماڵەکەتە
حەج بەڵام دەورو بەری خاڵەکەتە
دە شەماڵ تۆش وەرە خەم خۆری کۆن
زۆری وەك من بەتەمای هاتنی تۆن
بگە فریای دڵی پڕ لە خوێنم
دەگەڕێم رێم نیە بیشی دوێنم
بچۆ لای و بڵێ بەو دەم قەندە
ئاگرت کردەوە لەو مەڵبەندە
هەر لە رۆژێ هەوەڵی دەربەدەریم
ئەشق تۆ پۆیەکە بۆ کوێرەوەریم
بەهەوای تۆوەیە دێ خورپە لە دڵ
دڵ هەر ئی تۆیە هەتا دەنخەنە گڵ
ئەو دەمەم خۆشە کە تۆش لەولاوە
کەزیەکانت بدەیە دەم باوە
با . پەرێشانی بکا وەك دڵەکەم
هەڵمژم لێرەوە بۆنی گوڵەکەم
ئەی مەهاباد بەخوام ئەسپاردی
لێرە دڵ ساردبوو منیش بۆم ناردی
هاتەوە باوەشی گەرمو گوری تۆ
هەڵوەدای ئاوو گڵی تۆن کوڕی تۆ
ژەرچی هەی تۆ گوڵی یا گوڵدانی
ئاوەدان بی وەتەنی کوردانی

# چەند شیعرێکی بڵاو نەکراوەی

# نالی

بێ گومان کەس ناتوانێ گرەو بکا لە سەر تەواوی دیوانە چاپکراوەکانی شاعیرانی پێش هێنانی چاپو بڵاو بوونەوەی چاپەمەنی لە کوردستاندا ژیاون . دڵنیام لەوەی خوێنەر نیە جارەهای جار لە و گۆڤار و رۆژنامەکاندا چاوی بە سەر ئەم سەر دێرانەدا نەخشابێ (شیعریکی بڵاونەکراوەی . . . ی شاعیر)و (بانگەوازێك بۆ کۆ کردنەوەی شیعرە بڵاونەکراوەکانی . . .ی شاعیر) . ئەمەو . جار جارە ئەم دیاردەیەی وون بوونو فەوتانی شیعرە لە دیوانی شاعیرەکانی دوای رۆژگاری گەشە سەندنی چاپو چاپەمەنیش بەر چاو دەکەوێ .

کەواتە سەر دێرەکە جێی سەر سوڕمانو . دیوانی (نالی)ش لەم دیاردەیە دوور نیە . (نالی)یێك ژیانی بریتی بوو بێ لە گەڕانو گواستنەوە لەم جێ بۆ ئەو جێو لەم حوجرە بۆ ئەو حوجرەی لە سەردەمی فەقییەتی کە ئەوانەی زۆر تێیاندا مابێتەوە حوجرەکانی سنەو سابڵاغو زەردیاوای قەرەداغو سولەیمانینو[٢] . دوایی رۆیشتنی بۆ حەجو . لەوێوە بیستنی خەبەری داگیرکردنی سولەیمانیو دەست پێکردنی ژیانی ئاوارەییو رۆیشتنی بۆ وڵاتی غەریبی شامو گیرسانەوەی بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەوێداو[٣] . دوایی پاش بەدڵەوە نووسانی (سالمی) برادەری کە لە شەش دێری کۆتایی شیعرە بە